www.kurdistannet.org
28-9-2005 19:02 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## قەدەری من و. . . . . . سەرهەنگ حەمە سالح

Xamosh_serheng@yahoo. Com



ئەی سۆز
ئەم شەو
بە مژدەکەت
سەرگەردان بووم
ماچی گول و
گلکۆی شیعرێك
بانگی کردم
پیتەکانیم یەکە یەکە
لە بەرۆکی کچیك چنی
ویستم بیکەمە ملوانکەیەك و
لە گەردنی بئالێنم. . . .
لە پانتایی زورگەکانی
ئارەزووی هەست
چیایەك لێم هاتە وەڵام
ووتی ئەی من. . . !
لە پێدەشتی
ئەم شەوە نامۆیەدا
گرێك ووتی ئەی من
تا دەهات
سەرگەردان تر دەبووم
بۆنی گوڵێك. . . . !
سۆزی گرێك. . . !
قاسپەی کەوەکانی
چیایەك. . . !
کامیان بکەمە
تارای سووری
بوکی ئەوین. . . .
لەم شەوەد نامۆیەدا
ناچار
تەسلیمی قەدەر بووم
لە تەك هەڵۆیەکی سەوز
نێژرام. . . . . . . !